


ئەم شەو دیوار پاڵ بە روحی شەکەتم دەنێ و
دەیەوێت ماچ لەگەڵ شورە شینەکانی مەچەک
بگۆڕێتەوە
ئەم شەو چاوی بێ پرێڵەم
ووشەکانی دووێنێ بە سەڕاب دەبینێ و
ئەوەی ئێستاش بە ترس
ئەو پەنجەرە ووشکە خۆی ئاوەڵا دەکات
تاکو خۆی لە کەسک بوونی قورنیجکەکانی بدزێتەوە
لەو پەنجەرە رەشەی بەرانبەرم
نە خۆم دەبینم و
نە پێکەکەی بەر دەمم
تەپ و تۆزی خەمەکانم
ئەدەمە بەر گەردەلولی یادگارەکان
ئەو ئاگرەی قەلەمم پێ دەگرێ
هەترەی لە ئاگرە سپیەکانی جورئەت چووە
من دەمەوێ ئاگرێک هەبێ بمسوتێنێ
یان ئەو ئاگرەی ناوم خەفە بکات
من دەمەوێ تێکەل بوون بە ئاگر بمخنکێنێ
خنکانێک ....... کە دوا هەناسەی پڕ لە دەنگیشم

بە جەستە سەرخۆش بووەکەی



(با) بسپێرێ
تکا دەکەم
ئەی خەتەرناکترین ئاگر
تیشکێکم پێ ببەخشە



تا بە تاسەتر
لێوەکانی تۆ
لە هەنارە بە پایز بووەکانی خۆم

لێک جیا بکەمەوە
من دەمەوێت
قولنجی ئاگرێک
بشکێنمەوە
کە بەر لە بە ئاگر بوونی
کە چەند لۆجێکی
بۆ هەلگیرسانی خۆی
لە من قەرز کرد
پشکۆی گەشی مەمکەکانی
ستیانەکەی سور هەلگەڕاند
بۆ بارانی ماچی لێوی بە عەرەقم
وەک مراوی ئەهاتە پێش
هێند هاتە پێش
پەنجەکانمی خستە سەما
لە سەر بەژنی رووتی
ئەو ووشانەم دۆزیەوە
یەمەنێک بوو لە رستەی شیعرەکانم تورە ببوون
ئاگر ئەو کات جوانە
کە وەکو تۆ رووت ئەبتەوە
رووت بوونەوە ئەو کات جوانە
کە وەکو من ئاگر بگرێ

ئەو لالنگیانەی بە ئاسانی رووت دەبنەوە
گومانە بە سەما بووەکانم دەوەستێنێ
بۆیە پڕتەقالە ماندووەکان
وەسفی لەزەتم زیاتر بۆ دەکات
بێوەژنەکان فێریان کردم
کچ بوون گوڵی پلاستیکە
ژن ئەو کاتە روحی دێتە بەرێ
کە بە رووتی سەما ئەکا
پرسیار لە بە سەما بوونی ئاگر مەکە..... هاوڕێم
کە وەکو ئاگریش دەسوتێم
مەترسە

چەند دلۆپە ئاوێک ساردت دەکاتەوە
ئەرێ ئەی ژن
ووشەکانت کەی لە مەکر بەتال ئەکەیت
تا بتوانم تاکە جارێ
بە بێ ترس بتخوێنمەوە

راوێژ هیرانی + هەندرێن حەمەدەمین
22ی2ی2006
جڤیکاو
rawej_herani@yahoo.de